رووسیا دەیەوێت پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئێران پەرە پێبدات

وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا ئەمڕۆ سێشەممە ڕایگەیاند کە مۆسکۆ و تاران ئامادەکاریان کردووە بۆ ڕێککەوتننامەی هاوکاری گشتی خۆیان و بەزوویی واژۆیەکی مێژوویی ئەنجام دەدرێت.

لەماوەی ڕابردوودا، دیمیتری پسکۆف وتەبێژی کرملین بە بڵاوکردنەوەی واژۆیەکی ڕێکەوتننامەیەک ڕایگەیاند کە مۆسکۆ و تاران درێژە دەدەنە کاری خۆیان لەسەر ڕێککەوتننامەی گشتی هاوکاری دوولایەنە. ناوبراو ڕاشیگەیاندبوو، کە لەوانەیە بەپێی ڕووداوەکان هەندێک بەرنامەی تایبەت بگۆڕدرێت بەڵام مۆسکۆ دەیەوێت پێوەندی خۆی لەگەڵ تاران پەرە پێبدات.